# چەکدانانی پەکەکە و هەڵوێستی تورکیا

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی ـ زانکۆی سەلاحەددین

### پێشەکی

تورکیا نزیکەی نیو سەدەیە ڕووبەڕووی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەبێتەوە. لەم ماوەیەدا زیانی زۆری ماددی و گیانییان بەرکەوتووە؛ تەنانەت بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە بۆتە بنەما و توخمێکی گرنگی ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا و، لە ماوەی ڕابردوودا دەیان ملیار دۆلاری ئەمریکیی بۆ تەرخان کراوە بۆ ئەوەی لەناو ببردرێت و کۆتایی پێ بهێنرێت. بەڵام بەپێی هەلومەرج، پەکەکە توانیویەتی خۆی بگونجێنێت و لە هەر قۆناغێکدا بە شێوەیەکی جیاوازتر دەرکەوتووە و پەیوەندییەکی بەرفراوانیشی لەگەڵ وڵاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا داناوە.

لەگەڵ گەیشتنی ئاک پارتی بۆ دەسەڵات لە تورکیا لە ساڵی ۲۰۰۲وە، هەوڵ دراوە دۆزی کورد لەژێر ناوی "پرۆسەی چارەسەری ئاشتی" چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەم هەوڵانە شکستیان هێنا. بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، بەتایبەت پاش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر، هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی کرد بە گۆڕان و، گرنگترین هەنگاویش لاوازبوونی ئێران و هێزە پرۆکسییەکانیەتی لە ناوچەکەدا. جەنگی ۱۲ ڕۆژەی ئیسرائیل و ئێرانیش ناوچەکەی بۆ قۆناغێکی جیاوازتر گواستەوە. ڕووخانی بەشار ئەسەد و لاوازبوونی حزبوڵڵا لە لوبنان، ژینگەیەکی ئەمنی و سیاسی و سەربازی و ئابووریی نوێی لە ناوچەکەدا دروست کرد. لەم چوارچێوەیەدا "دەوڵەت باخچەلی" لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ۲۰۲٤ دەستپێشخەرییەکی گرنگی کرد بۆ دەستپێکردنی دانوستاندنەکان لەگەڵ پەکەکە. ئەم دەستپێشخەرییەی باخچەلی لەلایەن "ئەردۆغان"ەوە پشتگیریی لێ کرا و ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (۱۱/۷/۲۰۲٥) لەگەڵ دەستپێکردنی دانانی چەک لەلایەن چەکدارانی پەکەکەوە و سووتاندنی چەکەکانیان، مشتومڕێکی فراوان لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتیدا دەستی پێ کرد. ئەم مشتومڕە زیاتر لەسەر ئەوە بوو کە، ئایا ئەم جارەیان ئەم هەنگاوانە هیچ ئەنجامێکی ڕاستەقینە و واقعیی لێ دەکەوێتەوە یاخود ئەمە تەنیا بۆ کاتکوشتن و بەرژەوەندیی چەند کەسێکی سیاسییە؟ لە وتاری ئەم جارەمان هەوڵ دەدەین دیوە ڕاستەقینەکەی ئەم هەنگاوانە بخەینە ڕوو و بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێین کە ئایا دوای ئەم قۆناغە، چەکدانانی پەکەکە چ کاریگەرییەکی دەبێت بۆ سەر ژیانی سیاسیی تورکیا؟

### ئایا چەکدانانی پەکەکە گشتگیر دەبێت و هەموو چەکەکان دادەنرێت؟

پێش هەموو شتێک، پێویستە وەڵامێکی لۆژیکی و ڕاست و دروست بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە: ئایا چەکدانانی پەکەکە گشتگیر دەبێت؟ پەکەکە ئامادەیە هەموو چەکەکانی دابنێت؟ هەر لە بنەڕەتدا ئەم هەنگاوە لەسەر بنەمای متمانەی هەردوو لا بنیات نراوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە جەوهەری و بنەڕەتییانە، دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** هیچ کاتێک پەکەکە هەموو هێلکەکانی ناخاتە ناو یەک سەبەتەوە. ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە ڕەنگە بۆ هەندێک دەستکەوت و بەرژەوەندیی کاتی بۆ قۆناغی ئێستا، هەندێک هەنگاوی ئاوا بنێت کە وا وێنا بکرێت پەکەکە وەڵامی بانگەوازەکەی ئۆجەلانی داوەتەوە و لەم بابەتەدا ڕاستگۆیە؛ بەڵام ئەگەر تەماشایەکی ڕابردووی پەکەکە بکەین، لە ساڵانی نێوان ٢٠١٣ – ٢٠١٥ بۆمان دەردەکەوێت یەکێک لە خاڵەکانی ناکۆکی کە بووە هۆی کۆتاییهێنان بە پرۆسەی ئاشتی لەو سەردەمەدا، ئەوە بوو کە پەکەکە بەوە تۆمەتبار دەکرا بە درێژاییی پرۆسەی ئاشتی، خەریکی کۆکردنەوە و کۆگەکردنی چەک و تەقەمەنی بووە. بۆیە ئەم جارەیش ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە هەمان سیناریۆی جاری پێشوو دووبارە بێتەوە، بەڵام لەوانەیە ئەم جارەیان لەژێر ناوی دیکە بێت لە جیاتی پەکەکە.

**دووەم:** هۆکارەکانی هەنگاونان بەرەو ئەم پرۆسەیە، لەلای هەردوو لا تا ڕاددەیەک جیاوازن، چونکە ئەگەر تەماشایەکی لایەنی دەسەڵات بکەین، دەبینین ئەردۆغان لەگەڵ هاوپەیمانە نزیکەکەی، کە دەوڵەت باخچەلییە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەپێی ڕاپرسییە یەک لە دوای یەکەکان، ڕێژەی دەنگەکانیان ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات و ئەردۆغان گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی، کە ئاک پارتی و مەهەپە بەتەنیا ناتوانن زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بەدەست بهێنن. لەپاڵ ئەمەیش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە کە ئەویش بریتییە لەوەی دەنگی دەنگدەری کورد لە سەرجەم هەڵبژاردنەکاندا یەکلاکەرەوەیە، بۆیە بە هەر بەهایەک بێت، دەبێ ئەردۆغان و هاوپەیمانەکەی، کە باخچەلییە، بەیەکەوە "پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان – دەم پارتی" ڕازی بکەن بۆ ئەوەی پێکەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن یاخود لانی کەم وا بکات دەم پارتی بەرامبەر جەهەپە کاندیدەکانی خۆی بخاتە ڕوو. ئەگەر ئەردۆغان لەمەدا سەرکەوتوو بێت، ئەوە زیانێکی گەورە بە ئۆپۆزیسیۆن دەگەیەنێت و بۆ هەڵبژاردنی داهاتووش سەرکەوتنی خۆی مسۆگەر دەکات.

لە لایەکی دیکە، ئۆجەلان چەند ساڵە دەستبەسەرە و لە پێناو ئازادکردنی و، وێناکردنی ناوەکەی وەک قارەمان و سەرکردەیەکی کاریگەری کورد لەسەر ئاستی شەقامی کوردی لە تورکیا، بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی باڵای کورد لە تورکیا، کار دەکات؛ واتا ئامانجە سەرەکییەکەی ئۆجەلان بەرژەوەندیی باڵای کورد نییە بەڵکوو کار بۆ ئەوە دەکات خودی "ئۆجەلان" کاریگەریی خۆی بخاتە ڕوو و خۆی بە کەسایەتییەکی کاریگەر و نیشتمانی لە شەقامی کوردی و تورکی و جیهان دەربخات. واتا بەهۆی ئەوەی ئامانجی لایەنەکان جیاوازن، بۆیە پێشبینی دەکرێت چەند هەنگاوێکی سەمبولیک بنرێت لە ڕووی چەکدانانی پەکەکە و، هەردوو لا تا ڕاددەیەک سوود لەم کارانە ببینن ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت.

**سێیەم:** کێشەیەکی گەورە لەم قۆناغەدا هەیە، ئەویش نەبوونی متمانەیە لە نێوان هەردوو لا. بەڕاستی ئەم گرفتە ئاوا بەئاسانی چارەسەر ناکرێت و ئەگەر ئەم متمانەیە لەسەر بنەمایەکی تەندروست بنیات نەنرێت، ئەوە مەحاڵە بابەتی چەکدانانی پەکەکە تا سەر بێت و کێشەکانی پێ چارەسەر بکرێت. ڕووداوەکانی پێشوو و هەوڵەکانی ساڵانی ڕابردوو لەژێر ناونیشانی "پرۆسەی چارەسەری"، ئەزموونێکی شکستخواردوویان نمایش کردووە و ئەمەیش بنەمایەکی زۆر خراپی بۆ ئەم بابەتە دروست کردووە. متمانە پێش هەموو هەنگاوێک گرنگە؛ لە ئەگەری نەبوونیشی، ئەنجامێکی ئەرێنیی لێ ناکەوێتەوە و، چاوەڕوان ناکرێت لە کەشوهەوایەکی دوور لە متمانە پرۆسەی چەکدانانی پەکەکە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئەمەی ئێستا وەکوو بۆمبێکی توقیتکراو وایە؛ لە هەر کات و ساتێکدا وەکوو ساڵی ٢٠١٥ ئامادەیە بۆ تەقینەوە و دووبارە سەرهەڵدان و دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی.

به لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی سەرەوە، مەحاڵە بتوانین بڵێین چەکدانانی پەکەکە گشتگیر دەبێت؛ لەوانەیە ناوی پەکەکە کۆتاییی پێ بێت بەڵام لەژێر ناوی جیاواز پارێزگاری لە چەکەکان دەکرێت. تەنانەت ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات لە نمایشکردن زیاتر نییە، چونکە ئەگەر تەماشایەکی ئەو چەکانە بکەین کە سووتێنران، زۆربەیان کۆن بوون و لەوانەیە بۆ بەکارهێنانی ئێستا شیاو نەبێت.

**پاش ئەم چەکدانانە چی ڕوو دەدات؟**

پرۆسەی دانوستاندنەکانی ئەم جارەیان بە تەوقەیەکی باخچەلی لەگەڵ بەرپرسانی دەم پارتی لە پەرلەمانی تورکیا دەستی پێ کرد، دواتر بە بانگەوازەکەی باخچەلی بۆ ئۆجەلان بۆ ئەوەی بێتە پەرلەمان و بڕیاری چەکدانان بدات و، پاشان لەم نێوەندەدا چەندان چاوپێکەوتن و سەردان ئەنجام درا لە نێوان نوێنەرانی دەم پارتی لەگەڵ ئۆجەلان و ئەردۆغان و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی تورکیا؛ تا لە ڕێکەوتی ١١ی تەمموزی ٢٠٢٥ پرۆسەکە لە سلێمانی گەیشتە قۆناغی دانانی چەک لەلایەن چەکدارانی پەکەکە و سووتاندنی. ئەم ڕێوڕەسمە لە ئەسڵدا ڕێوڕەسمێکی سەمبولیک بوو، کە تیایدا 30 گەریلای پەکەکە بەشدار بوون. ئێستا دوای ئەم قۆناغە پرسیاری ئەوە دروست بووە: پاش ئەم هەنگاوە چیی دیکە هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هەوڵ دەدەین بە لەبەرچاوگرتنی لێدوانەکانی بەرپرسانی دەم پارتی و ئۆجەلان و ئەردۆغان ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** سەرەتا بەرپرسانی دەم پارتی بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە حکوومەتی تورکیا (ئەردۆغان و هاوپەیمانانی) جددی بن لەم پرۆسەیەدا، بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێکی ڕاستەقینە. <u>بەگشتی دەم پارتی هەر لە سەرەتای پرۆسەکە زیاتر جەخت لەسەر چوار خاڵ دەکات</u> کە یەکەمیان بریتییە لە بارودۆخی ئۆجەلان. دەم پارتی پێی وایە ناکرێ لە کەشوهەوایەکی ئاوادا ئۆجەلان دەستبەسەر بێت و لە زینداندا بێت.

جگە لەمە دەم پارتی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێی دیموکراسی (Demokratik Yeni Bir Toplumsal Sözleşme)ی دەوێت. ئەمەیش خاڵێکی گرنگە کە تەنیا بە دەرکردنی چەند یاسایەکی لاوەکی بەدی نایەت بەڵکوو پێویستیی بە پارێزگاریکردنی مافە دیموکراسی و سیاسییەکانی کورد هەیە لە چوارچێوەی دەقە دەستوورییەکاندا. بۆیە ئەم خاڵە یەکێکە لە داواکارییە جەوهەرییەکانی دەم پارتی، چونکە بەبێ دەستەبەرکردنی ئەم خاڵە، زۆر زەحمەتە پرۆسەکە سەر کەوێت.

خاڵی سێیەم بریتییە لە ژیانێکی دادپەروەرانە لە وڵاتێکی هاوبەشدا (Ortak Yaşamda Eşit Yaşam) واتا دەبێ لە تورکیا سەرجەم پێکهاتە و نەتەوەکان بەبێ جیاوازی، خاوەنی هەمان ماف و بەرپرسیارێتی بن و، نابێت جیاوازی بکرێت لە نێوان تورک و کورد و عەرەب و ئەرمەنی و سریانی و عەلەوی و هتد.

خاڵی چوارەمی دەم پارتی بریتییە لەوەی کە دەبێت تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە جیاتی سیاسەتەکانی شەڕ و توندوتیژی، سیاسەتی دیالۆگ و ئاشتی پەیڕەو بکات (Türkiye'nin Ortadoğu'da Savaş Yerine Diyalog ve Barış Politikaları Benimsemesi). ئەم خاڵە لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە و ستراتیژییەتی تورکیا بەرامبەر وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەدا زۆر گرنگە؛ بەتایبەت عێراق و سووریا و ئێران کە ژمارەیەکی بەرچاو کوردی تێدایە. ئەم چوار بابەتە لەلایەن دەم پارتییەوە خراوەتە ڕوو و، کاریش دەکات تا ئاستێکی باش جێبەجێیان بکات؛ بەڵام پرسیارێکی گرنگمان بۆ دروست دەبێت کە ئەویش بریتییە لەوەی کە "ئایا ئەردۆغان و باخچەلی تا چەند ڕاستگۆ و سوورن لەسەر جێبەجێکردنی ئەم داواکارییانە؟"

چونکە جێبەجێکردنی ئەم داواکارییانە ئاوا ئاسان نین.

**دووەم:** پەیامە ڤیدیۆییەکەی ئۆجەلان کە نزیکەی حەوت خولەک بوو تا ڕاددەیەک هەم کورتکراوەی ئەوانەی کە ئەنجامدراوانی لەخۆ گرتبوو و هەمیش تا ڕاددەیەک نەخەشەڕێگەیەکی خستبووە ڕوو. بێ گومان چەکدانانی پەکەکە، نابێت تەنیا بەوەی سلێمانی کۆتاییی پێ بێت؛ چاوەڕێی دەکرێت پرۆسەکە فراوانتر بێت. بەڵام هەڵوێستی ئەردۆغان و باخچەلی بەرامبەر ئەم هەنگاوانە لەوانەیە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەکە هەبێت، چونکە پەکەکە و ئۆجەلانیش دەیانەوێ لانی کەم هەندێک دەستکەوتیان هەبێت لە ئەنجامی چەکدانان و سووتاندنی چەکەکان.

لەم چوارچێوەیەدا پەیامەکەی ئۆجەلان لە ڕووی هەنگاوەکانی قۆناغی داهاتوودا ئەمانەی لەخۆ گرتبوو:

١. ئۆجەلان لە پەیامە ڤیدیۆییەکەیدا ئاماژەی بەم خاڵە گرنگە کردووە: "تەڤگەری پەکەکە و ستراتیژیی شەڕی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کە لەسەری بنیات نرابوو، کۆتاییی پێ هاتووە؛ هەبوونی کورد دانی پێدا نراوە، بۆیە ئامانجە سەرەکییەکەی دەستبەر بووە." ئەم پەیامە بە واتای وازهێنانی ئۆجەلان و پەکەکەیە لە ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو و دیموکراتیک. ئەم ئامانجە، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٧٠ لە ڕێگەی مانیفێستێک بە ناوی "ڕێبازی شۆڕشی کوردستان" ڕاگەیەنرابوو. بەم شێوەیە لەگەڵ ئەم ڕاگەیاندنە، دیارە ئۆجەلان- ئەگەر بە شێوەیەکی کاتییش بێت- بۆ قۆناغی ئێستادا وازی لەم ئامانجەی هێناوە.

٢. دوای خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، ئۆجەلان لە سەرەتای قسەکانی لە گرتە ڤیدیۆییەکەدا بەگشتی پێناسەیەکی نوێ بۆ پەکەکە دەکات، ئەویش لە ڕێگەی ئاماژەکردن بە بیر و هزری کۆمۆنیستی؛ کاتێک پەکەکە بە "تەڤگەری دۆستایەتیی کۆمووناليست" ناوزەد دەکات. سەرەڕای ئەوەی هزری کۆمۆنیستی لەلای ئۆجەلان هەر هەبووە، بەڵام ئەوەی ئێستا بە مانای ئەوە دێت کە لەجیاتی لایەنە نەتەوەییەکە، زیاتر چڕ بۆتەوە سەر لایەنی ئەوەی کە کورد گەلێکی کۆمووناليستی بێت؛ ئەمەیش لەوانەیە لە داهاتوودا کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئۆجەلان و پەکەکە هەبێت. لەم قسانەی ئۆجەلان بۆمان دەردەکەوێت کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا جەخت لەسەر شێوەیەکی چەپڕەویی نەتەوەییی لاواز دەکرێت کە لەوانەیە پرۆسەکە بریتی بێت لە چەند هەنگاوێکی یاسایی لەسەر ئاستی تورکیا، لەپاڵ چەند هەنگاوی سەرەتایی، وەکوو ئازادکردنی مەرجدار بۆ ئۆجەلان و هەندێک دەستگیرکراوی پەکەکە.

٣. ئۆجەلان لە پەیامەکەیدا چەند جارێک ئاماژەی بە پەرلەمانی تورکیا کرد، کە تیایدا جەختی لەسەر دەستپێکردنی هەنگاوەکان کرد لەژێر چەتری پەرلەمان و بە بەشداریی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان. هەروەها ئۆجەلان باسی پێکهێنانی کۆمیسیۆن (لیژنە)یەکی کرد لەسەر بنەمایەکی یاسایی لە پەرلەمانی تورکیا، بە مەبەستی هەنگاونان بەرەو چاکسازییە یاساییەکان و تەنانەت گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی ئامادەکردنی دەستوورێکی نوێ، کە ئەم پێشهاتانە لەخۆ بگرێت. هەرچەندە ئۆجەلان ڕاستەوخۆ باسی نووسینی دەستوورێکی نوێ ناکات بەڵام داواکارییەکانی تەنیا بە دەرکردنی چەند یاسایەک جێبەجێ ناکرێن. ئەمەیش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە قۆناغەکانی داهاتوو، دەبێت پەرلەمان لە ڕێگەی کۆمیسیۆنێکی تایبەت بەم بابەتەوە دەست بە کار و چالاکییەکانی بکات؛ واتا چوارچێوە یاسایی و دەستوورییەکە بۆ پرۆسەی دانان بە ماف و ئازادییەکانی کورد لە تورکیا، ئامادە بکات.

٤. لەوانەیە قۆناغەکانی داهاتوو، بریتی بێت لە هەوڵەکانی ئازادکردنی ئۆجەلان و دەرکردنی یاسایەک، کە

لێبووردنی تایبەت لەخۆ بگرێت، بۆ ئەو کەسانەی کە بەهۆی ئەندامبوون لە پەکەکە یاخود هەر کردەوەیەک دەستگیر کرابن کە دژی سوپا و دەوڵەتی تورکیا ئەنجام درابێت لە چوارچێوەی چالاکییەکانی پەکەکە لە دژی تورکیا لە قۆناغەکانی ڕابردوودا؛ چونکە ئۆجەلان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باسی لە بابەتی ئازادکردنیشی کرد و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێت ئازاد بکرێت. بەڵام ئەم قسەیەی بە شێوەیەکی فەلسەفی کرد و پەیامە شاراوەکەی خۆی لەبارەی گرنگیی ئازادکردنی، گەیاندە ڕای گشتی و لایەنە سیاسییەکان. هەروەها لە ناوەڕۆکی پەیامە ڤیدیۆییەکەیدا باسی لەوەیش کرد کە تا ئێستا ئەوەی ڕووی داوە، بە ڕاوێژکردن بووە لەگەڵ "خۆی" و، ڕای گەیاند لە کاتی دانوستاندنەکاندا هیچ گوشارێکی لەسەر نەبووە. سەرجەم ئەم خاڵانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا ئازادکردنی ئۆجەلان و، بوونی ئۆجەلان بە فاکتەرێکی سەرەکیی پرۆسەکە، زەقتر دەبێت و زیاتر کاری لەسەر دەکرێت.

**سێیەم:** سەرۆککۆماری تورکیا، ئەردۆغانیش دوای ڕێوڕەسمی سووتاندنی چەک لەلایەن گەریلاکانی پەکەکە لە سلێمانی، وتارێکی بە بۆنەی کۆبوونەوەی هەڵسەنگاندن و ڕاوێژکاریی فراوانی ئاک پارتی پێشکەش کرد. بەڵام پێش هەموو شتێک با تیشک بخەینە سەر ئەمە کە ئەردۆغان و باخچەلی ناوی ئەم پرۆژەیان ناوە تورکیایەکی بێ تیرۆر (Terörsüz Bir Türkiye Projesi) واتا بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە پرۆسەی ئاشتی ناکات. بۆیە دەبینین ئەردۆغان لە وتارەکەیدا زیاتر جەختی لەسەر ئەوە کرد کەوا ئەوەی ئێستا هاتۆتە ئارا، لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بووە. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا پەیامێکی جەرگبڕە بۆ ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەم پرۆسەیە، پرۆسەی ئاشتییە. لەم چوارچێوەیەدا چاوەڕوان دەکرێت لە قۆناغەکانی داهاتوویشدا ئەردۆغان و باخچەلی و دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی تورکیا هەر بە هەمان ناوەکەی ئێستا ـ تورکیایەکی بێ تیرۆر ـ بەردەوام بن.

لە لایەکی دیکە وتارەکەی ئەردۆغان ئاماژەی بە پێکەوەکارکردنی ئاک پارتی و مەهەپە و دەم پارتی کرد. ئەمەیش ئاوا خوێندنەوەی بۆ کرا کەوا ئەردۆغان توانیی دەم پارتی بۆ خۆی ڕابکێشێت بە بیانووی دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی لە نێوان تورکیا و پەکەکە و ئۆجەلان، چونکە ئەردۆغان هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەوە چڕ کردۆتەوە کە دەیەوێت دیسان خۆی کاندید بکاتەوە و سەر کەوێ و ئەمەیش باش دەزانێت ئەگەر دەنگی دەنگدەری کوردی لەگەڵدا نەبێت، ئەوە ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە دەبێتەوە.

بۆیە بە هەر شێوەیەک بێت ئەردۆغان لەگەڵ هاوپەیمانە سەرسەختەکەی، باخچەلی، بەیەکەوە کار دەکەن ڕێگە یاسایی و دەستووری و سیاسییەکان بەکار بهێنن بۆ ئەوەی لە قۆناغی داهاتوودا سەرکەوتنی خۆیان مسۆگەر بکەن، چونکە ئەردۆغان و باخچەلی ئەوە زۆر باش دەزانن و پێشبینیی ئەوە دەکەن کە لە ئەگەری سەرنەکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا، ڕووبەڕووی ڕێکاری یاسایی دەبنەوە و ئاوا بەئاسانی وازیان لێ ناهێنرێت. جا بۆیە دوای ئەم قۆناغە پێشبینی دەکرێت ئەردۆغان زیاتر لەسەر ئەوە کار بکات دەستوور یان هەموار بکات یاخود دەستوورێکی نوێ ئامادە بکات، چونکە ئێستا کەشوهەوایەکی ئاوای ڕەخساندووە کە بە ئەگەرێکی زۆر، دەم پارتییش پاڵپشتی لەم هەنگاوەی ئەردۆغان و باخچەلی دەکات؛ هەروەها بە ڕاکێشانی دەم پارتی بۆ هاوپەیمانێتیی کۆمار (Cumhur İttifakı) لە هەڵبژارنی گشتی و شارەوانییەکان و سەرۆکایەتیی کۆماریش، هاوکێشەی دەنگەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان دەگۆڕن.

لە لایەکی دیکەوە ئەردۆغان لە سەروبەندی وتارەکەی، ئاماژەی بە هاوپەیمانیی تورک و عەرەب و کورد

کرد؛ ئەمەیش بۆ یەکەم جارە ئەردۆغان باسی شتێکی لەم جۆرە دەکات. پێ دەچێت ئەم پەیامەی ئەردۆغان زیاتر بۆ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بێت، چونکە پەیامەکە بۆنی هەژموونگەراییی عوسمانییەکانی لێ دەهات. ئەم خاڵەیش لە قۆناغەکانی داهاتوودا کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر پرۆسەی تورکیایەکی بێ تیرۆر بە وتەی ئەردۆغان و، پرۆسەی ئاشتی بە وتەی دەم پارتی.

**ڕای گشتی و ئۆپۆزیسیۆن لە تورکیا چی دەڵێت؟**

دۆزی کورد لە تورکیا لە سەرجەم قۆناغەکاندا هەستیار و گرنگە، بۆیە لایەنە سیاسییەکان ناتوانن ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەڵوێستی خۆیان لەبارەیەوە ڕابگەیەنن؛ تەنانەت ئەو پرۆسەی ئێستا کە لە تورکیا دەستی پێ کردووە، وردەکارییەکانی، ناوەڕۆکەکەی، هەنگاوەکانی بە شێوەیەکی فەرمی ڕانەگەیەنراوە؛ تەنانەت ـ هەروەک لە سەرەوەیش ئاماژەمان پێ کرد ـ هەر لایەنێک ناوێکی جیاوازی لە پرۆسەکە ناوە. بۆیە ئۆپۆزیسیۆنیش بەحەزەرەوە چاودێریی پێشهاتەکان دەکات. بێ گومان ئەم قسەیە بۆ گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆن، جەهەپە، ڕاستە، بەڵام بۆ حزبێکی وەکوو "حزبی باش" هیچ نیگەرانییەکی نییە لە دژایەتیکردنی پرۆسەکە. بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش بریتییە لەوەی کە هەموو لایەنەکان لەسەر کۆتاییهێنان بە بابەتی تیرۆر کۆکن؛ هەر لایەنێک کە پرسیاری ئەم پرۆسەیەی لێ دەکرێت، یەکەم وەڵامی ئەوەیە کە ئەوان لەگەڵ کۆتاییهێنانن بە تیرۆر. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی تەماشایەکی ڕێژەی ڕەزامەندی لەسەر ئاستی ڕای گشتی بکەین لە تورکیا دەربارەی پرۆسەی "تورکیایەکی بێ تیرۆر"، ئەوە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤دا کە باخچەلی لە پەرلەمانی تورکیا تەوقەی لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکانی دەم پارتی کرد، ڕێژەی پاڵپشتیکردن لە پرۆسەکە لە دەوروبەری (٣٠%) بوو؛ ئەمە دەتوانین بڵێین خاڵی دەسپێک بوو. پاشان لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٢٥ کە بابەتەکە زیاتر خرایە بەردەم خەڵک، ڕێژەی پاڵپشتیکردنی خەڵک بۆ پرۆسەکە بەپێی ڕاپرسییە گشتییەکان دەوروبەری (٥٠%) بوو. هەر لەم چوارچێوەدا پێش ڕێوڕەسمی چەکدانانە سەمبولییەکەی پەکەکە لە سلێمانی، پاڵپشتیی خەڵک بەپێی ڕاپرسییەکان لە نێوان (٦٠%) و (٧٠%)دا بوو؛ هەرچەندە ڕێکەوتەکەی ڕانەگەیەنرا. هەروەها جێگری سەرۆکی ئاک پارتی ئەفکان ئالا (Afkan Ala) ڕای گەیاند، کەوا پاڵپشتی خەڵک بۆ "پرۆسەی تورکیایەکی بێ تیرۆر" گەیشتۆتە ڕێژەی "٧٥,٩%"، هەرچەندە ئەم بەرپرسەی ئاک پارتی ئاماژەی بە ڕێککەوتی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکەی نەدا، بەڵام پێشبینی دەکرێت ڕاپرسییەکە لە دوای ڕێوڕەسمی چەکدانانی پەکەکە کرابێت، واتە دوای ١١ی تەمووز.

ئەم پاڵپشتی و پشتگیرییەی خەڵک لە ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣یش گەیشتبووە ئاستی (٧٥%)، بەڵام خاڵێکی زۆر جەوهەری و گرنگ هەیە لەم بارەیەوە، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەم ڕاپرسییانە بەگشتی پرسیاری ئەوەی ئاراستەی بەشداربووان کردووە: "ئایا پاڵپشتی و پشتگیری لە پرۆسەی تورکیایەکی بێ تیرۆر دەکەی؟"، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە وردەکارییەکان بکرێت؛ کە پرسیارەکان لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتانەی کە لەوانەیە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکە بگیرێتە بەر، ئاراستە دەکرێت، بۆ نموونە کە پرسیاری ئەوەیان ئاراستە دەکرێت کە "ئایا لە چوارچێوەی ئەم پرۆسەیە، لێبووردنی گشتی دەربکرێت؟"، ئەوکات ڕێژەی پاڵپشتی بۆ (٢٠%) دادەبەزێت. لە کاتی گۆڕینی پرسیارەکەیش بەم شێوەیە: "ئایا ئەوانەی لە زینداندا دەستبەسەرن، ئازاد بکرێن؟"، ڕێژەکە دەگاتە (٢٥%). بۆیە ئەوەی گرنگە بۆ قۆناغەکانی داهاتوو، ئەوەیە کە ئایا ئاک پارتی و مەهەپە (ئەردۆغان و باخچەلی) چ هەنگاوێک دەنێن؟ چونکە هەنگاوەکانی داهاتووی ئەم دوو سەرکردەیە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ سەر پاڵپشتیی خەڵک بۆ پرۆسەکە و ئاراستەکردنی ڕای

گشتی بۆ هەنگاوە ئەرێنییەکان.

لەبەر ئەمە لە قۆناغی داهاتوو گرنگترین هەنگاو بریتییە لە پێکهێنانی کۆمیسیۆنێک کە بڕیارە لەسەر ئاستی پەرلەمانی تورکیا بە بەشداریی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان پێک بهێنرێت. واتا ڕێژەی پاڵپشتیی خەڵک و پشتگیریی ڕای گشتی بۆ بابەتەکە، بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە کە یەکەمیان بریتییە لەوەی: "کام لایەنی سیاسی بەشداری لە کۆمیسیۆنەکە دەکات؟" کە پێشبینی دەکرێت ناوەکەی بەم شێوەیە بێت: "کۆمیسیۆنی یەکڕیزی و تەبایی نیشتمانی - Milli Birlik ve Beraberlik Komisyonu" چونکە بەتایبەت ئۆجەلان ئەم جارەیان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پرۆسەکە لەژێر چەتری پەرلەماندا بەڕێوە بچێت و زۆریش بەلایەوە گرنگە، کە جەهەپە بەشدار بێت لە پرۆسەکە، چونکە بەشداریکردنی جەهەپە لە پرۆسەکەدا لە ڕووی ئاراستەکردنی ڕای گشتیی تورکیاوە بە شێوەیەکی ئەرێنی لە بەرژەوەندیی پرۆسەکە، زۆر گرنگە. خاڵی دووەم: "ئەو هەنگاوانە چین کە پێویستە کۆمیسیۆنەکە بیهاوێژێت؟"؛ بێ گومان کار و دەسەڵاتی کۆمیسیۆنەکەیش لە ڕووی ئاراستەکردنی ڕای گشتییەوە لەسەر ئاستی تورکیادا زۆر گرنگە.

سەبارەت بە هەڵوێستی جەهەپە کە بەپێی دوایین ڕاپرسییەکان یەکەم حزبە لەسەر ئاستی تورکیا، تا ئێستا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و یەکلاکەرەوە دیار نییە و، جۆرە ناڕوونییەک هەیە لە هەڵوێست و لێدوانی سەرۆکەکەی و بەرپرسە باڵاکانی. سەرەتا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەم هەڵمەتەی ئەردۆغان و باخچەلی سەبارەت بە پرۆسەی تورکیایەکی بێ تیرۆر و دەستپێکردنی دانوستاندنەکان لەگەڵ پەکەکە و ئۆجەلان، زیاتر هەنگاوێک بوو بەرەو خۆنزیککردنەوە لە دەنگدەری کورد لە تورکیا، چونکە ئەردۆغان و باخچەلی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، کە بەتەنیا ـ تەنیا ئەو دوو حزبە ـ ناتوانن ئەو دەنگە بەدەست بهێنن کە پارێزگاری لە مانەوەیان بکات لە دەسەڵات. لەپاڵ ئەمەیش کێشەی "دووبارە خۆکاندیدکردنەوەی ئەردۆغان" لە ڕووە یاساییەکەوە سەری هەڵداوەتەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم دوو کێشەیە، ڕاکێشانی دەنگی دەنگدەری کورد بۆ خۆیان و ڕازیکردنی دەم پارتی بە بیانووی دەستپێکردنی دانوستاندنەکان و کارکردن بۆ پێشکەشکردنی هەندێک سازش و تەنازولات وەکوو بڵاوکردنەوەی پەیامە ڤیدیۆییەی ئۆجەلان و هاوڕێ دەستبەسەرەکانی و... و، خۆنیشاندانی وەک فریادڕەس بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا، ئەردۆغان و باخچەلی دەیانەوێ لە ژیانی سیاسیی تورکیادا بۆ قۆناغەکانی داهاتوو، درێژە بە هەژموونی خۆیان بدەن؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوانە کاریگەریی گۆڕانکارییە هەرێمی و نیودەوڵەتییەکانیش تا ڕادەیەک لە تورکیا کەم دەکرێتەوە. بۆیە جەهەپە تا ئێستا نەیتوانیوە بوێرانە هەڵوێستی خۆی ڕابگەیەنێت، چونکە ترسی لەدەستدانی دەنگدەری کوردی هەیە لە لایەک و، ترسی دابەزینی ڕێژەی دەنگەکانیشی هەیە لەسەر ئاستی تورکیادا لە لایەکی دیکەوە؛ لەبەر ئەوەی هەر هەنگاوێکی هەڵە لەوانەیە باجەکەی زۆر قورس بێت بۆ سەر جەهەپە کە لە ئێستادا توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و کاریگەر.

لە لایەکی دیکەوە ئەردۆغان دەیەوێ لەم قۆناغەدا جەهەپە ناچار بکات هەنگاوی هەڵە بنێت و لەم چوارچێوەیەدا سەرقاڵی کردووە بە دەستبەسەرکردنی ئەو سەرۆکشارەوانییانەی کە جەهەپەن، لەسەروویان ئەکرەم ئیمامئۆغلو، کە لە هەمان کاتیشدا کاندیدی سەرۆککۆماری جەهەپەیە. لەبەر ئەم هۆکارانەیە جەهەپە پێش ڕاگەیاندنی هەڵویستی کۆتاییی خۆی دەربارەی پرۆسەکە، لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر بابەتی ڕێزگرتن لە بنەماکانی دیموکراسی دەکاتەوە لەپاڵ پرۆسەی تورکیایەکی بێ تیرۆر؛ چونکە جەهەپە ئەمەی

بەئاشکرا ڕای گەیاندووە کە بەبێ پتەوکردنی بنەماکانی دیموکراسی و وازنەهێنانی ئەردۆغان لە دەستگیرکردنی ڕکابەرەکانی، ئەوا پرۆسەکە سەرکەوتوو نابێت.

جەهەپە بۆ ئەوەی بەرچاوی زیاتر ڕوون بێتەوە، بڕیاری داوە چەند ڕاپرسییەکی تایبەت ئەنجام بدات و ئاگاداری بۆچوونی خەڵک بێت بەرامبەر بە پرۆسەی تورکیایەکی بێ تیرۆری ئەردۆغان و باخچەلی و پرۆسەی ئاشتیی دەم پارتی و پەکەکەی ئۆجەلان. وا پلانی بۆ داڕێژراوە کە ئەم ڕاپرسییانە تا ڕێکەوتی ٢١ی تەمموز تەواو بن و بۆچوونێکی گشتی دەربارەی بابەتەکە بخرێتە بەر مەکتەبی سیاسیی جەهەپە بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی ڕوونتر و ئاشکراتر ڕابگەیەنێت.

لە لایەکی دیکە، حزبی باش (İYİ Parti) بەئاشکرا لەسەر زاری سەرۆکەکەی، موساواد دەرویشئۆغلو (Müsavat Dervişoğlu) لە دوایین لێدوانیدا کە لە چوارچێوەی کەمپینی "نەخێر بۆ پرۆسەی خیانەتی دووەم - İhanet Sürecine Hayır.2" پرۆسەی تورکیایەی بێ تیرۆری بەم شێوەیە ناوزەد کرد: "لەو سیناریۆیەی کە لەودیوی ئۆقیانووسەکانەوە کە لەلایەن بارۆنەکانەوە نووسراوە؛ بێش تەپە، بالگات، ئیمراڵی و قەندیل ڕۆڵی ئەکتەری سەرەکی لە فیلمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا دەگێڕن." دەرویشئۆغلو لێرە مەبەستی لە ئەردۆغان و باخچەلی و پەکەکە و ئۆجەلانە، کە تۆمەتباریان دەکات بە جێبەجێکردنی پرۆژە و پیلانی دوژمنانی تورکیا و، بوون بە ئامرازێک بۆ چەسپاندنی بنەماکانی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە.

بەگشتی تورکیایەکی بێ تیرۆر دەستەواژەیەکی گرنگ و سەرنجڕاکێشە کە سەرجەم هاووڵاتیانی تورکیا پێیان باشە جێبەجێ بکرێت، بەڵام خاڵە هەرە گرنگەکە ئەوەیە: تا چ ئاستێک حکوومەتی تورکیا تەنازول بۆ پەکەکە و چەکدارانی پەکەکە و دەم پارتی دەکات؟ ئەمە دیارترین خاڵە کە لایەنەکانی نیگەران کردووە. ئەردۆغان و باخچەلییش چەندان جار جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەم پرۆسەیە بەبێ هیچ تەنازولێک ئەنجام دراوە و دەدرێت. بەڵام ڕاستییەکانی ناو گۆڕەپان پێچەوانەی ئەم لێدوانانەی سەلماندووە، چونکە لێدوانەکانی بەرپرسانی دەم پارتی و ئۆجەلان و بەرپرسانی پەکەکە ئاماژەی زۆریان تێدایە کە بەرامبەر هەندێک دەستکەوت ئەم هەنگاوانە دەنێن و، تاکە گەرەنتیی ئەم جارەیش پەرلەمانی تورکیایە؛ی کە ئەمەیش شەرعیەت و چوارچێوەیەکی یاسایی دەبەخشێتە پرۆسەکە. بەڵام سەرەڕای گشت ئەم پێشهاتانە، گومان و نیگەرانییەکی قووڵیش هەیە کە ئەم پرۆسەیە زیاتر لەوە دەچێت لەجیاتی خزمەتکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی تورکیا و دۆزی کورد، خزمەت بە بەرژەوەندییە کەسییەکانی سەرکردە بەشدارەکانی ئەم پرۆسەیە دەکات.

**کۆبەند**

تورکیا لە ساڵی ١٩٨٥ەوە تا ئێستا ١١ جار بە شێوەیەکی جددی هەوڵی ئەوەی داوە هاوشێوەی ئەم پرۆسەیە جێبەجێ بکات و، لە هەموویشیاندا چاوەڕوانییەکان زۆر لە ئاستێکی بەرزدا بوون؛ بەڵام ئەوانەی کە ڕوویان دا وەڵامی چاوەڕوانییەکان نەبوون. سەرەڕای ئەوەی ئەم جارەیان پەرلەمانی تورکیا دوای هەنگاوەکان دەخزێنرێتە ناو پرۆسەکە- چونکە لە سەرجەم هەوڵەکانی پێشوو سەرەتا یاساکان دەردەکران ئێنجا هەوڵ دەدرا پرۆسەکە جێبەجێ بکرێت-، بەڵام پرۆسەی ئەم جارەیان لەلایەن باخچەلییەوە دەست پێ کرا و ئەردۆغانیش پاڵپشتیی لێ کرد و ڕۆڵی پەرلەمانیش دوای چەند هەنگاوێکی پرۆسەکە دەست پێ

دەکات. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگریشمان هەیە کە ئەویش بریتییە لەوەی پەکەکە لە ساڵی ٢٠١٣وە کار بۆ ئەوە دەکات بەشە ستراتیژی و گرنگەکەی خۆی بۆ سووریا بگوازێتەوە لەژێر ناوەکانی پەیەدە/ یەپەگە و هێزەکانی دیموکراتی سووریا؛ بۆیە بەشێکی گرنگی پەکەکە لەژێر ناوی جیاواز لە سووریا جێگیر کراوەتەوە. کەواتا پەکەکە تەنیا ناوی گۆڕیوە و هێڵی ستراتیژیی دواوەی خۆی پتەو کردووە و بەردەوام پلانی B و Cی هەیە.

سەرجەم ئەم پێشهاتانەی تورکیا، ناکرێ بەبێ خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ناوچەکە تەماشای بکەین، بۆ نموونە باڵوێزی ئەمریکا لە تورکیا و نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ سووریا، تۆم باراک (Tom Barrack) پێش ئەوەی کار بۆ لێکنزیککردنەوەی ئەحمەد ئەلشەرع و مەزڵووم عەبدی بکات، سەردانی لوبنانی کرد بە مەبەستی جێبەجێکردنی پلانی چەکدانانی حزبوڵڵا. هەرچەندە باراک لەم ئەرکەیدا سەرکەوتوو نەبوو لە لوبنان، بەڵام ئەوە نیشاندەری بوونی ئیرادەیەکی جددییە بۆ چەککردنی حزبوڵڵای لوبنانی کە ئیسرائیلیش جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکات. سەرجەم ئەم پێشهاتانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کار بۆ دووبارە دیزاینکردنەوەی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاست دەکات کە تیایدا ئیسرائیل باڵادەست بێت؛ بەڵام ئەمریکا پێی وایە گەورەترین بەربەست ئێستا لە بەردەم ئەم پرۆژەیە، "ئێران"ە. لەبەر ئەم هۆکارە، کار بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەک دەکات لە نێوان تورک و کورد و عەرەب؛ هەر ڕێکیش ئەردۆغان لە دوایین وتاریدا ئاماژەی بەم هاوپەیمانێتییە کرد، کە تیایدا باسی پرۆسەی تورکیایەکی بێ تیرۆری کرد.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین، ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ بریتییە لەوەی کە ئەمریکا لەژێر دروشمی ئاشتی، جەنگ بەرپا دەکا (ئاشتی لە ڕێگەی هێزەوە) و لەژێر ناوی چەکدانانەوە، چەکەکان بۆ بەرەکانی تر دەگوازێتەوە. ئەوەیش کە ئێستا لەگەڵ پەکەکە ڕوو دەدات، لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەیە.